# یادی کیمیابارانی سەردەشت لە دانمارک شایستانە کرایەوە



لە ڕۆژی شەممە لە ڕێکەوتی 30ی ژونی 2007 دا لە گۆڕەپانی Axel Torv ئەکسل تۆرف بە بەشداری کۆمەڵی لە هونەرمەندانی دانیمارکی و کورد یادای کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت، ڕەشەهەرمێ، ئەڵوەتان، کاوڵان و باینجان شایستانە لە لایەن کۆمیتەی یادکردنەوەی کیمیابارانی سەردەشت کرایەوە.






هونەرمەندی کۆمپۆنیست ئامانج سەراف بە موزیکی شایستە، هەروەها هونەرمەندی شێوەکاری دانیمارکی هەنریک سار بە دروستکردنی تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش، هەروەها جۆری دانانی وێنە جەرگبڕەکانی قوربانیان، سەرنجی هاوڵاتیان و ڕێبوارانی ولاتانی دیکەیان بۆ لای بۆنە ماتەمینی و یادەکە سەرکەوتووانە ڕاکێشا. نوسراوی دانیمارکی و ئینگلیزی درایە خەڵک و وەلامی پرسیارەکانیان

له لایەن ئەندامانی کۆمیتەی یادکردنەوەوە بە گەرمیەوە درایەوە. هەروەها تەلەڤیزیۆنی کوردی لە کۆپنگاگن KurdTV فیلمی یادەکەی گرت و ڕاپۆرتی خۆی لەسەر یادەکەدا بە دیمانە لەگەڵ چەندین کەسی بەشداربوودا ئامادەکرد.




شایانی باسە خەڵکێکی زۆری دانیمارکی و بیانی بەهۆی ئەو یادکردنەوەیە، بۆ یەکەمجار ئاشنایەتیان لەگەڵ کارەساتی کیمیابارانی خەڵکی بێتاوانی سەردەشت و شوێنەکانی دیکە پەیداکرد.



ئەوەی جێگای سەرنجی ئەو یادە جەرگبڕە بوو، بەشداریی کوردستانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نەبوو. هیوادارین لە داهاتوودا چاڵاکانە هاوکارمان بن.

**ئنیسیاتیڤی کورد لە دانمارک ،**
**کۆمەڵەی ئاداری کوردێن سوریا (باشوری بچوک) ،**
**ناوەندی چاک**